**122**
ژمـــــاره

مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١٢٢) ٢٠/٣/ ٢٠١١
بەکاتی شەرە مێژگردی جنێودان



کاریکاتێری:
سالم سەلیم ..ل٣٩

www.gep-media.com Email:www.gepgovar@yahoo.com سوبعەت تاسەر ئێسقان




له دروشم و هوتافی.. شەڕی بێ وەزن و قافی.. حاڵم بە حاڵت نەبێ.. عالی جەناب قەزافی
ئەوا هات و ئەوا هات.. موعارەزەو دەسەڵات.. لەسەر ملی هاوڵاتیان .. دەیکەن عەرزی عەزەڵات
خەبەر هات لە بەغداوە.. عەرەب دانی پیاناوە.. عێراق تازە ئەزانێ.. کورد جینۆساید کراوە
گەللەو گەللەو گەللە.. بغ بغ لەو گەلاوێژە.. تا دوێنێ تشریبخۆر بوو.. ئێستا خۆی وتارێژە

بێ توانج

کاریکاتێر:
سەردار
کێستەیی





# هەمووی خەتای خۆپیشاندەران بوو

محەمەد قادر

مانگێکە هاونیشتمانیان لەسەر گەندەڵی و ناعەدالەتی و چەند داوایەک لەسنووری ئیدارەی سلێمانی خۆپیشاندان دەکەن، هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت بە رەوایان زانی، حزبەکانی ئۆپۆسزیۆنیش پشتگیرییان دەکەن، بەلام هەر لە ماوەی تەمەنی ئەم مانگەدا خۆپیشاندانەکان چەندین دەرهاویشتەی سەیرو سەمەرەی تێکەوتووە:

• بە مقاشێکی سیاسیەوە ئۆپۆسزیۆن لافیتەو دروشمەکانی نەهێشتنی گەندەڵییان لە دەستی خۆپیشاندەران سەندەوەو یەکی تورەکەیەک خرە بەردیان دانە دەست و بردیانن بۆ بەردبارانکردنی بارەگای حزبەکان، حوکمەتیش لە بێلایەنیدا لە باخی گشتییەوە بە دووربین تەماشای فلیمەکەیان دەکرد.

• پاش دوو سێ رۆژ کە بەزمەکە تەشەنەی سەند، دەسەلاتیش پێشمەرگەو ئاسایش و شورتەو پۆلیسی مەدەنی و دارستانی بۆ قەغەدەکردنی خۆپیشاندان جادەکانیان کۆنترۆڵ کرد، دەتگوت خۆیان بۆ جەنگی جیهانیی سێیەم حازرکردووە.

• راگەیاندنەکانی دەسەلات بە رێکەوتیش لێیان تیکناچێ خۆپیشاندان نیشاندەن، گوایە ولات شامی شەریفە، راگەیاندنی ئۆپۆسزیۆنیش بۆ چرکەیەکیش دیمەنێکی ئارامی بازاڕ و گەشتیارانی بەهار نیشان نادەن، وەک بڵێیت کوردستان ئەڵمانیای دوای روخانی هیتلەرە!

• راگەیاندنی دەسەلات چاوی زەعیفە، 4 داواکاریی خۆپیشاندەران بەهەزار حاڵ دەبینێ، راگەیاندنی ئۆپۆسزیۆنیش سفرێکیان بۆ زیاد کردو کردیانە 40.

• ئۆپۆسزیۆن جگە لە هەواداری خۆیان بەشداریکردنی نووسەر و هونەرمەند و هاولاتیانیان لە بەردەرکی سەرا مەنعکردووە! دەسەلاتیش جگە لە حەفلەکانی خۆیان خۆپیشاندانیان قەدەغە کردووە،

• دەسەلات لاچاوی دکتۆر و رۆژنامەنووس لەسەر خۆپیشاندان دەکەن بە قوخ، ئۆپۆسزیۆنیش سەروگوێلاکی راگەیاندنکار و هونەرمەند و سایەق تەکسی ئەگەر لەبەرەی خۆیدا نەبێ، بە بۆگس دەقوپێنێ!

• فەیس بوک بۆتە زبڵخانەی هەڵرشتنی شەرە جنێوەکانی هەوادرانی دەسەلات و ئۆپۆسزیۆن!

• هەردوولا پێکەوە سەرەتا بە خۆپیشاندەرانیان گوت: گێرەشێوێن، پاشان پێکەوە راستیان کردەوە.

• پێکەوە سواری ملی خۆپیشاندان بوون و کەس نازانێ داواکارییە راستەقینەکان چین.

• لەو مەعبێنەدا هەر نەفەرەو بە لیستێک داواکارییەوە هەڵدەتۆقێ و داوای جێبەجێکردنی دەکات!

• جاران ئەسحابە سپی بازاڕی ماسی فرۆشتن بوو، ئێستا هی لەففەو کەلانە!

• هەندێ حەفلەچی عەسران لە پیاسەی خۆپیشاندانن، شەوانیش لە حەفلەی هەڵپەرکێی دەسەلات سەرچۆپی کێشن.

• هەندێ گەندەڵکاریش بەیانیان مشەخۆری دەسەلاتن، ئێوارانیش لە بەردەرکی سەرا سەری دەسەلات لەسەر گەندەڵی دەبڕنەوە.

• لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، ئازادی و گوزەرانی خەڵکی رەشورووت کەوتۆتە ژێر پێلەقە!

بەلام .. دواتریش خۆ رۆژێک هەر دێت لەسەر مێزی کۆبوونەوەدا دەسەلات و ئۆپۆسزیۆن لە کۆتایی ئەم فلیمەدا رێکبکەون، ئەوکات رەنگە هەردوولا پێکەوەو بە یەک لەحنی مارشی نیشتمانی بڵێن: هەمووی خەتای خۆپیشاندەران بوو!

سەرکاتێر

سەردەم





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# سەرکەوتووبێ مەفرەزەی قەڵەمی غەزاتان!

جارێکیان لە دایکم پرسی:

- دایە گیان! تۆ هیچ لەوانەی لە نوێژدا دەیانڵێی، تێدەگەی؟

بێ هیچ دوودڵییەک وتی: ڕۆڵە گیان! ئەی بۆ تێناگەم؟!

- ئاخر ئەو بە عارەبییە.

- ئەی بێقەزابی یاخوا! عارەبی چی؟ هەمووی کوردیی خۆمانە. ئەی دوای هەموو نانخواردنێ ناڵێن ئەلحەمیلا! ئەی ناڵێم ئەو ڕەبولعالەمینە دەست بەباڵتەوە بگرێ. ئەی ئەوە ڕەحمانە منگن و ڕەحیم شایەرو کەریمە لۆتی دراوسێمان نین هەموویان کوردن و ئاژداوو ئابایشیان کوردبوون؟!

دڵم نەهات لەگەڵ دایکمدا بیکەمە مشتومڕ، ساڵان ڕۆیو بابەتەکەم بەتەواوی لەبیرچووبۆوە، تا ئەم دواییە، دوو بنووسی کورد وەبیریان هێنامەوە، کاریان ڕاستبێ و خوا بەو ئیمانە قاییم و فەتوایانەیان بە بەهەشتی بەرینییان شادکا، تا بەو زمانە عەرەبییە مبارەکە لەتەک حورولعەینەکاندا بئاخڤن!

لە فەبرایەری ئەمساڵداو لە دوا لاپەڕەی بڵاوکراوەی (بزاو)دا، بەسپۆنسەری (AKnews)! وتارێکی کاپتان حەبیبی زماناسی ئاشنای عەباسی فڕناسی چۆمی ئاراس لە دەبڵ ستوونێکی ملەووەندا بەناونیشانی (پیتی عەرەبی باشە!)م بینی. لە هەمان دەقیقەو ڕۆژو مانگو سەعاتیشدا، لە (فەرهەنگ)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (هەولێر)دا. بەقەڵەمی (خۆشناوێ) وادیارە زمانی کوردیی خۆشناوێ، بەناونیشانی (قورئانی پیرۆزو زمانی عەرەبی و کوردی) بڵاوکرابۆوە. ئەوی یێکەم ئەگەرچی سایتی ئاژانسی هەواڵەکانی کوردستان (AKnews)، ڕۆژانە بەو پیتە لاتینییە، دەیان هەواڵ بڵاودەکاتەوە! دەستخۆشانە لەحەبیب دەکەم! تێیگەیاندین پیتی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی چەند فیت و خاسە. مبارەک و بە مقیاسە، پیتی (لاتینی)یش چەند بەرازخۆرو ئەلخەنناس و واسواسە. ئەوەیشی ڕوونکردبۆوە: کە ئەصڵی وشەی لاتینیش لە (لادینی)یەوە هاتووە!

کەچی بۆ ئەوی دووەم وامزانی موعجیزە ڕوویداوەو قسەکانی دایکم هاتوونەتەدی! ئافەرم دایە نەخوێندەوارە ئیماندارەکەم، دە گۆڕەکەت هەڵتەکێنەو، بەو گفتولفتە جوانەت ئەم برادەرانە فێرکە با شەرم نەکەن و. بە ڕاکشاوی! ببوورن بە ڕاشکاوی پێمانبێژن: ئەو پیتانەی سەرەتا قورئانیان پێ نوسراونەتەوەو لە لەوحولمەحفووزدان، لە ئەسڵدا پیتی کوردی بوون و. کاتی خۆی پیاوانی عەشیرەتی (بێسەری)و گوندنشینە کوردەکانی ناوچەی (بێخاڵ) دایانهێناوە!

ئیدی ئێمەی مسوڵمانی ئەم دەڤەرە چیمانە بەسەر ئەو بیست و ئەوەندە ملیۆن کرمانجەی باکووری کەمالیزم و، باشووری گچکەی ئەسەدیزمەوە! ئەوانە خوا لەونی لێگۆڕیون و لە (پیت)و زمانی (ئەهلی جەننەت) هەڵگەڕاونەتەوەو، بوونەتە (ئەهلی جەلادەت)، بە پیتی. نا.. بە(فیت)ی ئەو میر عالی بەدرخانەی خۆمانو ئەو لاتیننووسانە لە جەننەت مەحرووم‌بوون! باشتریش وایە لەپێناوی بەرکەماڵبوونی ئایین و ئەم پیتانەی لێرەدا منیش پێیاندەنووسم، لە ئامادەباشیدابین، ئیدی ئەمە غەزایەو بە خۆمانو قەڵەمە دزداشە لەبەرو مێزەرو عەگال بەسەرەکانمانەوەو، بەسواری حوشترەوە، شمشێری زولفەقارانەیان لێهەڵکێشین و، زمان و پیتی لاتینی و لادینی تەفروتوونابکەین!

GEP
Karikatur Magazeen
No:122 20th March 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

# دۆڵمەی موعارەزە

باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

موعارەزەی وڵاتی (مۆزەمبیق) داوای لە دەسەڵات کردووە ئیتر بەسە و دەبێت خواردنەکانی بگۆڕێت، دەڵێن تاقەتی خواردنە کۆنەکانمان نەماوەو نەوعێکی تازەی دۆڵمەیان دەوێت یەعنی (یاپراخ) بۆ ئەو مەبەستەش چەند خاڵێکیان بۆ دروست کردنی داناوەو بڕبەنی لێیەی یەک خاڵیان خاتروخۆتری تیا نییە :

• خاڵی یەکەم شازی خاڵەکانەو دەبێت ئەو دۆڵمەیە هەرچیەکی تێبکرێت و چی بۆ بهێنرێت هەمووی بە حەزی ئێمە بێت و مناقەشە نییییە ..

• دەبێت پڕبکرێت لە سوێری و ترشی و تیژی و تاڵی هەتا تامەکەی لە قسەکانمان بچێت ...

• داوای هەڵوەشاندنەوەی متبەغەکەی ئێستا دەکەین، چونکە پێمان وایە لەو متبەغەدا ئەم نەوعە دۆڵمەیە ناکولێت ...

• بە هێنانی سلقی شین و تەماتەی ڕەش و پیازی شەکری و کولەکەی بازنەیی و باینجانی سپی دەبێت، ئەمەش بە دەسەڵات پەیدا ناکرێت، بۆیە دەبێت ئەو چوارپێنج شتە بدرێتە کەسانی (سەربەخۆ) عەیب نەبێت (خۆمان) ....

• ئەبێت دەسەڵات وەعد بدات، ئەگەر هاتوو دۆڵمەکە بەدڵی ئێمە نەبوو ( کە قەت بەدڵمان نابێت )، بچێت پسکیت و بیبسیەک بۆ خۆی بخوات و هەرچی چەورایەتییە تەسلیم بە ئێمەی بکات ....

• ئەبێت نەوعی بەنزینی ئەو سەیارەیەی کە شتەکانی یاپراخەکەی پێ ئەهێنرێن ( موحەسسەنی ئەسڵی سۆپەر) بیت و ئەو بتەڵە غازەی کە پێی ئەکولێندرێت یەک زەررە ژەنگ نەیگرتبێت و مەنجەڵەکەشی تەنک بێت، چونکە ئەمانە لای ئێمە تەئسیر دەکەنە خۆشی و بەلەزەتی تامەکەی ...

• ئەگەر بەم خاڵانەی ئێمە نەبێت، نەدەیخۆین و نە ئەهێڵین میللەتی (مۆزەمبیق) لچی لێ بدا، ئەوەی تامیشی بکات لێی ئەکەین بە قوزەلقورت !! ...




کاریکاتێر
سەردەم
بێ توانج